# گەڵای وەریوو

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

**1**

گەڵا گەڵا هەڵدەوەرم
دەپرژێمە سەر مۆمی تەمەنی تۆ و
بەدەم وەرینی گەڵایەکەوە
باخچەیەك لە شعر
دەکەمە پێناسەو ئاوێزانی خۆشەویستی.

**2**

لەنێو رەنگی گەڵاکاندا
وەرزێك لەتەمەم دەچنمەوە و
دەبمە رەنگێکی ژاکاو
بەوێنەی درەختێکی ووشك بوو
گوڵ و گەڵاکانی جوانی لەشم
سێبەرێکی تێدانیە بۆ پشوو.

**3**

من گەڵای هەڵوەریووم خۆش دەوێت
بەوێنەی جریوەی چۆلەکەی بەیانیان و
کڕیوەی بەفری زستان.

**4**

من وەرزی وەرینی
گەڵاکانم بینیووە
چۆن دەبێتە پەڕەی گوڵێکی هەڵوەریوو
چۆن دەبێتە هەنسك و فرمێسکی
لێوی کیژۆڵەیەکی
لەخەم داباریوو.

**5**

گەڵا لەعەشقی ئێمە تێناگا
ئەوە تەنها دەزانێ
بوەرێ بەسەرسەرمانا
ئەو لە رژانی فرمێسکی خۆشەویستی و
گومانی باڵندەیەك تێناگا.

**6**

وەرزی وەرینی گەڵاکان
دڵیان پڕبووە لەخەم و
چاویان پڕ بووە لەفرمێسك
لەنێو رەنگی گەڵاکاندا
شوێنێك نیە بۆ پەرستن
پەرستگایەك نیە
بۆ پاڕانەوە
پاڕانەوەی ئەوانەی، دەیانەوێت بەیەك بگەن.

**7**

من دەمەوێت لە وەرزی وەرینی گەڵادا
بەسەر لاشەی ناسکی کیژۆڵەیەك
خەم نەبارێت
پەیتا پەیتا.

**8**

من دەمەوێت
رزگارم بێت لەرەنگی وەرینی گەڵا و
رەنگی ئێوە و
ئاوازو نەغمەی بولبولێك.

**9**

من دەمەوێت ببمە بەفراوی
سەر رومەتی کیژۆڵەیەکی ناسك و جوان
سەر رومەتی شۆرە کچێك
شادی بەجەستەی بدات و
هەناسەی نەسپێرێتە
گەڵای وەریوو.

**10**

ئەم زەمەنە چواری وەرزی ساڵ
بەهار رەنگی زەردی دەوێ
تەمەن بۆتە دۆزەخێك و
ژیان بۆتە روخساری گەڵای هەڵوەریوو
نەرەنگ جوانی خۆی دەبینێ
نە خەم بەرۆکمان بەردەدا.